# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

# پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## راپۆرتی 22: کێشەکانی پزیشکی ددان لە گەرمیان

تەموزی 2019

1/8/2019

## ناوەڕۆک


| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: ناساندن | |
| پێشەکی | 4 |
| کارنامەی یەکە | 5 |
| ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە | 6 |
| بەشی دوەم: راپۆرت | |
| دەستپێک | 8 |
| تەوەری یەکەم: کێشەو گرفتەکانی بەشەکانی ددان لە کەرتی تەندروستی گەرمیان دا | 9 |
| گرفتی نەبونی پزیشک لە مەڵبەندە تەندروستیەکان | 9 |
| نەخۆشخانەی گشتی کفری پزیشکی ددانی نیە | 9 |
| دانەمەزراندن بە هۆکاری نەبون و کەمی ژمارەی پزیشک دادەنرێت | 10 |
| پزیشکی خۆبەخش وەک کۆڵەکەی بەشەکانی ددان لە گەرمیان | 11 |
| نەبونی ئامێر و کەرەستەی پزیشکی پێویست | 11 |
| کێشەی نەبونی یاریدەدەری پزیشکی ددان و کاریگەریەکانی | 13 |
| سەنتەری ددان و هۆکاری چارەسەرنەکردنی کێشەکانیان | 13 |
| ئاستی خزمەتگوزاریەکانی تایبەت بە نەخۆشیەکانی دەم و ددان لە گەرمیان | 14 |
| هاوڵاتیان چی دەڵین لەسەر خزمەتگوزاری نەخۆشیەکانی دەم و ددان لە گەرمیان؟ | 15 |

| | |
|---|---|
| 15 | "کەمی پزیشک و گرفتی بینا هۆکاری بەرەوپێش نەچونی خزمەتگوزارییەکانە" |
| 16 | پزیشکان و ددانسازان بەشدار نین لە دیاریکردنی ئەو مەوادانەی کە دەهێنرێتە کۆگاکان |
| 17 | دوای پێنج ساڵ لە دەرچونی بڕیاری کردنەوەی بەشی رو و شەویلگە کرایەوە |
| 17 | "پزیشکانی گەرمیان نایانەوێت ئاستی زانستیان بەرزبکەنەوە" |
| 18 | تەوەری دوەم: کێشەو گرفتەکانی نۆرینگەو تاقیگەکانی ددان لە گەرمیان |
| 18 | پزیشکی ددان و پزیشکی ددانساز و یاریدەدەری پزیشکی ددان کارەکانیان تێکەڵ بوە |
| 19 | کاری ددانسازەکان لەگەرمیان پەکخراوە |
| 20 | نەخۆش باجی تێکەڵکردنی کاری پزیشکی ددان و ددانسازەکان دەدات |
| 21 | هەر نۆرینگەیەکی ددان نرخێکی جیاوازی هەیە بۆ چارەسەری نەخۆش |
| 22 | هەر نۆرینگەیەکی ددان نرخێکی جیاوازی هەیە بۆ چارەسەری نەخۆش |
| 23 | هاوڵاتیان: نازانین بۆچی نرخ لە نۆرینگەکان هێندە جیاوازە؟ |
| 24 | پێوەرەکانی دیاریکردنی نرخی نەخۆشیەکانی ددان |
| 25 | ئامار و جۆری سزاکانی لیژنەکانی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان |
| 25 | نەبونی سەندیکای پزیشکان و کاریگەریەکانی |
| 25 | بەرپرسی هۆبەی ددانی تەندروستی گەرمیان خۆی لە قسەکردن دەدزێتەوە |
| | بەشی سێیەم: راسپاردەکان |
| 27 | راسپاردەکان |

## بەشی یەکەم: ناساندن

### 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ساڵی رابردودا یەکەکە (42) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی  پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بریاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

# بەشی دوەم: ڕاپۆرت

**دەستپێک:**

ئەم ڕاپۆرتە دابەشکراوە بۆ دو تەوەر تەوەر یەکەمیان تایبەتە بە خزمەتگوزارییەکانی ددان لە ناوەندە حکومیەکان خۆی دەبینێتەوە لە بەدواداچون بۆ ئەوەی کە دوترێت خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بەددان لە ناوەند حکومیەکان لە ئاستێکی بەرزدا نیە، ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە نەخۆش دەکرێت سەرەتاین، بۆ ئەوەی بزانین ڕێگریەکانی چیە لە بەرەوپێشبردن و بەرزکردنەوەی خزمەتگوزاری و چارەسەرەکانی تایبەت بەنەخۆشیەکانی دەم و ددان چیە و بۆچی لە گەرمیان پزیشکانی ددان ئاستی بڕوانامەکانیان بەرزناکەنەوە و گرنگی بونی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا (بۆردی پزیشک)ی چییە بۆ بەرەپێشبردنی خزمەتگوزارییە پزیشکیەکان؟ تەندروستی گەرمیان چی کردوە بۆ ئەمە؟ هەیکەلەی کارەکانی پزیشک و ددانساز و یاریدەدەری ددان چۆنە لە ناوەندە حکومیەکان؟ ئایا ئەوەی ئەوترێت کارەکانیان تێکەڵ کراوە ڕاستە؟ ئامێر و کەرەست و پێداویستیەکانی تایبەت بە ددان چۆنە و لە چ ئاستێکدایە؟

تەوەری دوەمی، ڕاپۆرتەکە تایبەت کراوە بە نۆرینگە و کلینیکەکانی پزیشکانی ددان و تاقیگەکانی دروستکردنی ددان، ئەم شوێنانە چۆن کارەکانیان ڕێکخراوەتەوە بۆچی دەوترێت پزیشک و کارمەندی ددان کارەکانیان تێکەڵ بوە؟ دانانی نرخ لە نۆرینگەکان بە چ پێوەرێکە و چ لایەنێک بەرپرسە لەو هەمو نرخە جیاوازە؟ ئەوەی دەوترێت نرخەکان بە خواستی پزیشک خۆیەتی ڕاستە؟

سەندیکای پزیشکانی ددان چ کاریگەریەکی هەبوە لەسەر چاودێریکردنی ناوەندە ئەهلیەکانی ددان؟ ئایا نەبونیان بۆشایی دروستکردوە؟

# تەوەری یەکەم: کێشە و گرفتەکانی بەشەکانی ددان لە کەرتی تەندروستی گەرمیان دا

## 1. گرفتی نەبونی پزیشک لە مەڵبەندە تەندروستیەکان

کەمی ژمارەی پزیشک و نەبونی میلاک یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکانی بەشەکانی ددان لە مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان، ئەم کێشەیە بە شێوەیەکە مەڵبەندی تەندروستی هەیە تەنها یەک پزیشکی میلاکی هەیە ئەویش لە سلێمانیەوە دێت.

سۆران کەریم، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی کفری، لە بارەی ئەم کێشەوە وتی: "لە مەڵبەندەکەی ئێمە یەک پزیشکی میلاک هەیە، لە هەفتەیەکدا دو رۆژ دەوام دەکات، لەگەڵ یەک پزیشکی ددانسازمان هەیە، بەڵام ئافرەت بوەو مۆڵەتی دایکایەتی وەرگرتوە".

بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە لە کەلار، بەهەمان شێوە باس لەم گرفتە دەکات و بەیەکێک لە کێشە گەورەکان لە مەڵبەندەکەی دایدەنێت: "لەم مەڵبەندە رۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش سەردانی دەکات یەک پزیشکی میلاکمان هەیە، لەگەڵ یەک پزیشکی تەنسیب کە تەنها یەک رۆژ لە هەفتەکە دەوام دەکات".

سامان حاجی ئەمین، جەختی لەوەشکردوە ئەمە کاریگەری راستەوخۆی هەبوە لەسەر کەمبونی خزمەتگوزارییەکانی بەشی ددانی مەڵبەندەکە.

بە پێی ئامارەکانی مەڵبەندی تەندروستی شێروانە لە کەلار، ئەگەرچی شێوازی دەوامکردنی بەشی ددان لە چوارمانگی یەکەمی ئەمساڵ تەنها دو رۆژ بوە هەربۆیە (1945) نەخۆش چارەسەری وەرگرتوە لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا.

## 2. نەخۆشخانەی گشتی کفری پزیشکی ددانی نیە

تاکە نەخۆشخانەکەی قەزای کفری پزیشکی ددانی نیە، ئەوەی بەشی ددانەکەی بەڕێوەدەبات یاریدەدەری پزیشک و پزیشکێکی خۆبەخشە.

هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، ئەوەی خستەڕو ماوەی ساڵێک دەبێت پزیشکی ددان لە بەشی ددانی نەخۆشخانەکەیان نیە: "بەشی ددانی نەخۆشخانەکەمان یەک پزیشکی خۆبەخش و دو یاریدەدەری پزیشک بەڕێوەی دەبەن".

وتیشی: "توانیوایانە رۆژانە بەباشی نەخۆشەکان راییبکەن، بەڵام نەبونی پزیشکی پسپۆڕ لەناو تاکە نەخۆشخانەیەکی قەزایەک نەگونجاوە".

لە ناوەندی قەزای کفری دو ناوەندی تەندورستی هەیە کە بەشی ددانی تێدابێت، ئەوانیش: نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالید گەرمیانی و مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی کفریە، ئەم دوناوەندەش نەبونی پزیشک و بونی تەنها پزیشکێک بوەتە جێگای پرسیار بۆ کارەکانی هۆبەی ددان لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی کە بۆچی تاوەکو ئێستا میلاکی پزیشکی ددانی بەشێوەیەک رێکنەخستوە ئەگەر بە تەنسیبیش بیت پزیشک بۆ ئەو قەزایە دابینبکات؟

## 3. دانەمەزراندن بە هۆکاری نەبون و کەمی ژمارەی پزیشک دادەنرێت

لە بەرامبەر نەبونی پزیشک یاخود کەمی ژمارەیان لە قەزای کفری و چەند مەڵبەندێکی دیکەی گەرمیانو بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: هۆکارەکەی دانەمەزراندنی پزیشکی ددانە.

لەبەرامبەر ئەوەی بۆچی بە تەنسیب پزیشک نانێرنە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، د.سیروان محەمەد، هێمای بەوەکرد: "لە کەلاریش بەهەمان شێوە کێشەی کەمی ژمارەی پزیشکمان هەیە بەوهۆیەوە ناتوانین لێرەوە بە تەنسیب پزیشک بنێرین".

بە پێی زانیارییەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، پشکی گەرمیان لە دامەزراندنی پزیشک دا لە پێشوتردا، ساڵانە (٤ بۆ ٦) پزیشک بوە، لە کاتێکدا ساڵانە زیاتر لە 70 پزیشکی ددان لە زانکۆی سلێمانی دەردەچن و بە پێی ژمارەی دانیشتوان بێت دەبێت (18بۆ 20). پزیشکی بۆ ئیدارەی گەرمیان بێت.

## 4. پزیشکی خۆبەخش وەک کۆڵەکەی بەشەکانی ددان لە گەرمیان

ماوی شەش ساڵە زیاد لە (١٠) دە پزیشکی خۆبەخش لە تەندروستی گەرمیان هەیە کە بون بە کۆڵەکەیەکی گرنگ بۆ بەشێکی زۆری بەشەکانی ددان لە مەڵبەندە تەندروستیەکان.

سامان حاجی ئەمین، ئەوەی خستە رو لە مەڵبەندی تەندروستی شێروانە دو پزیشکی خۆبەخش هەن ئەگەرچی وەک پزیشکی میلاک نابن، بەڵام گرنگی خۆیان هەیە و رۆژانە چەندین نەخۆش دەبینن لە مەڵبەندەکە.

هاوکات لە مەڵبەندەکانی دیکەش پزیشکان رۆڵی خۆیان بینیوە وەک بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی کفری ئاماژەی بۆکرد: "ئێستا بەدەر لەیەک پزیشکی پسپۆڕ کە لەهەفتەیەکدا دو رۆژ دەوام دەکات، پزیشکێکی ددانسازی خۆبەخش رۆژانە نەخۆش دەبینێت لە مەڵبەندەکە، ئەمەش بوەتە هۆکارێکی باش بۆ ئەو نەخۆشانەی کە رو لە مەڵبەندەکەمان دەکەن".

پزیشکانی خۆبەخش بەتەنها لە مەڵبەندەکان نین، بەڵکو نەخۆشخانەکانیش بەڕێوەدەبەن وەک نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە قەزای کفری کە هیچ پزیشکێکی میلاکی نیەو تەنها یەک پزیشکی خۆبەخشی تێدایە.

پزیشکانی خۆبەخش ماوەی شەش ساڵە لە ناوەندە تەندروستیەکان چارەسەری نەخۆش دەکەن ئەوەی جێگای سەرنجە پزیشکە خۆبەخشەکان بەتەنها دەوام دەکەن بێ هاوکاری پزیشکی دیکە.

گۆران شێرزاد، پزیشکی ددانسازی خۆبەخش، هێمای بەوەکرد: ماوەی پێنج ساڵە لەمەڵبەندی تەندروستی کفری خۆبەخشم، سێ ساڵی یەکەم لە گەڵ پزیشک دەوامم دەکرد، بەڵام دوساڵ دەبێت بەتەنها دەوام دەکەم.

ئەوکارانەی ئەم پزیشکە بە تەنها لە مەڵبەندەکە دەیکات خۆی دەبینێتەوە لە: (شۆردنی ددان، پرکردنەوە، ددان کێشان و پێدانی چارەسەر).

## 5. نەبونی ئامێر و کەرەستەی پزیشکی پێویست

ئامێر و کەرەستەی پزیشکی کاریگەری راستەوخۆی هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان، بەشێوەیەک دوانەیەکی تەواوکەری یەکن، بەڵام ئەوەی تێبینی کراوە ئامێر و پێداویستی یەکێکی دیکەیە لە کێشە دیارەکانی بەشەکانی ددان کە وایکردوە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی ددان تەنها چەند کارێکی دیاریکراوبێت.

بەڕێوبەری یەکێک لە مەڵبەندە تەندروستیەکانی ناحیەی رزگاری دەڵێت: "لێرە چەند کارێکی دیاریکراو بۆ نەخۆش دەکرێت، ناتوانین ئاستی خزمەتگوزاریەکانمان بەرزکەینەوە بەهۆی نەبونی ئامێرەوە".

دارا حەمەسەعید، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی د.شەهید قاسم، هێمای بەوەکرد ئەگەر ئامێری شۆردنی ددان و دەمار بڕین دابینبکرێت بۆ بەشەکانی ددانو ئەوا ئاستی خزمەتگوزارییەکان بۆ نەخۆشیەکانی دەم و ددان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە.

ئەو خزمەتگوزارییانەی بەگشتی لەتەواوی مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان دەکرێت خۆی دەبینێتەوە لە: (پڕکردنەوەی ئاسایی ددان، کێشان، حاڵەتی سوکی تەقەڵدان، چارەسەرکردنی هەوکردنی ددان، پێدانی چەند چارەسەرێکی ددان).

نەبونی ئامێر تەنها کێشەی مەڵبەندە تەندروستیەکان نیە، بەشەکانی ددان لە نەخۆشخانەکانیش هەمان کێشەیان هەیە لەگەڵ سەنتەری ددان.

لە بەشی رو و شەویلگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار پزیشکێک لەسەر ئەرکی خۆی ئامێری پاککردنەوە (تعقیم) بۆ بەشەکە کڕیوە، تاوەکو ئەوکاتەی پارەکەی بۆ خەرج دەکرێت "ئەگەر خەرجبکرێت".

د.نزار ئەحمەد، لێپرسراوی بەشی رو و شەولیگە، لەمبارەیەوە وتی: "ئەگەر چاوڕێی کڕینی ئامێرمان بکردایە، تاوەکو ئێستاش نەماندەتوانی بەشەکە بکەینەوە".

لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی کەرەستەکانی ئەم بەشە لەلایەن پزیشکانی بەشەکە دابینکراوە.

کێشەکە لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی جیاوازترە، چونکە لەو نەخۆشخانەیە بەتەنها یەک کورسی ددانی تێدایە، هەر بۆیە بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە ئاماژەی بەوەکرد: "لە ئێستادا ئەگەر دو پزیشک لەنەخۆشخانەکە بن ئەوا کورسی نیە یەکێکیان نەخۆش ببینێت!".

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، ئەو کورسیانەی کە تایبەتن بە ددان لە مەڵبەندە تەندروستیەکان بەشێکی رێکخراوەکان دابینیانکردوە.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، لەمبارەیەوە ئەوەی خستەڕو: "لەماوەی ساڵی رابردودا ٦ کورسیمان بۆ بەشەکانی ددان دابینکردوە ئێستا کێشەی کورسی ددانیان نیە".

لەبارەی نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی و بونی یەک کورسی لە نەخۆشخانەکە، د.سیروان محەمەد، هێمای بەوەکرد ئەوان پزیشکیان نیە بونی کورسی کێشەکەیان چارەسەر ناکات.

## 6. کێشەی نەبونی یاریدەدەری پزیشکی ددان و کاریگەریەکانی

لە هەیکەلی کاری پزیشکی ددان دەبێت پزیشکی ددان لە کاتی کارەکانیدا یاریدەدەری لەگەڵدابێت، بەڵام لە گەرمیان پزیشکان یاریدەدەریان نیە، لە هەندێک مەڵبەندی تەندروستی تەنانەت لەبەر نەبونی پزیشک یاریدەدەرەکانی پزیشکە کارەکانی پزیشکی ددان ئەنجام دەدەن.

دارا حەمە سعید، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی د.شەهید قاسم، ئەوەی خستەڕو ئەم گرفتە تەنها لەبەشی ددانی مەڵبەندێک نیە، بەڵکو گشتیە و لە تەواوی بەش و هۆبەکانی ددانی تەندروستی گەرمیان ئەم کێشەیە هەیە.

لای خۆشیەوە (د.نیاز فایەق)، پزیشکی ددان، هێمای بەوەکرد کە نەبونی یاریدەدەری پزیشک کاریگەری خۆی هەبوە لەسەر کارەکانیان بەشێوەیەک پزیشک بە تەنها خۆی هەمو کارێک دەکات بۆ نەخۆش کە ئەمەش لە بنەمای تەندروستی گونجاو نیە.

یاریدەدەری پزیشک کاری یارمەتیدانی پزیشکە لە کاتی چارەسەرکردنی نەخۆش بۆ ئەوەی پزیشک بتوانێت بە وردی و زانستیانە کارەکەی ئەنجام بدات.

## 7. سەنتەری ددان و هۆکاری چارەسەرنەکردنی کێشەکانیان

لە راپۆرتی ژمارە بیستی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، کە تایبەت بو بە کێشە و گرفتەکان لە سەنتەرە تەندروستیەکان، لە سەنتەری ددان کۆمەڵێک کێشە کە خۆی دەبینیەوە لە کۆنی بینا و ئامێر و کەرەستە لەلایەن بەڕێوبەری سەنتەرەکە خرانە رو، بەڵام ئێستا ئەو کێشانە چارەسەر نەکراون.

د.یەحیا ئەحمەد، بەڕێوبەری سەنتەرەکە، وتی: "چارەسەرنەکردنی کێشەکان وایکردوە بێ ئومێد بین لە خستنەڕوی کەموکورتیەکان".

چارەسەرنەکردنی کێشەو کەموکورتیەکان لەسەنتەری ددان لە کاتێکدایە رۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش رو لەم سەنتەرەدەکەن.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان جەختی لەوەکردوە ئەو ئامێرانەی کەپێویستن بەتایبەت ئامێری پاکردنەوە (تعقیم) دەرخستەیان بۆکردوە تاوەکو پارەی بۆ خەرجبکرێت.

د.سیروان محەمەد، بۆ گرفتی بینای سەنتەری ددان باسی لەوەکرد ئەو داواکارییەی بەڕێوبەری سەنتەرەکە کردویەتی جۆرێکە لە بەهەدەردانی پارە: "بینای تایبەت دروستکراوە بۆ سەنتەری ددان و ٨٠٪ کارەکانی تەواو بوە، بەڵام کارەکانی راگیراوە، بۆیە نۆژەنکردنەوەی بینای سەنتەری ددانی ئێستا تەنها پارە بەفیڕۆ دانە، چونکە دەبێت نزیکەی سی هەزار دۆلاری بۆ خەرجبکرێت، ئێمەش نامانەوێت دوجار پارە خەرج بکەین، ئەمەهۆکاری ئەوەیە کە پێیانوایە بەدەمەوە چونمان نەبوە بۆ داواکاریەکانیان".

## 8. ئاستی خزمەتگوزاریەکانی تایبەت بە نەخۆشیەکانی دەم و ددان لە گەرمیان

بە وتەی پسپۆڕێکی ددان ئێستا لە بواری خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی ددان کار بە دو شێواز دەکرێت، ئەوانیش یەکەم سەنتەری تایبەت بە نەخۆشیە ساد ەو سەرەتاییەکانی دەم وددان، ئەو چارەسەرکردنانەی تێیدا دەکرێت خۆی دەبینێتەوە لە: (پڕکردنەوەی ئاسایی ددان، هەڵکێشان، پاکردنەوە، نەشتەرگەری بچوک و هەوکردنی ددان). دوەمیشیان سەنتەری ئاست بەرزە تایبەت بە نەخۆشیە قورسەکانی دەم و ددان، کە چارەسەکردنەکانی خۆی دەبینێتەوە لە: (دروستکردنی ددان، چاندنی ددان، دەماربڕین، جوانکاری شەویلگە، جوانکاری رێککردنەوەی ددان، نەشتەرگەری رو شەویلگە، نەشتەرگەری قورس و تایبەت، چارەسەری شێرپەنجەی دەم و ددان و لابردنی گۆشتی زیادەی ناو دەم).

لەگەرمیان سەنتەرێکی تایبەت بە ددان هەیە ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش دەکرێت تێیدا خۆی دەبینێتەوە لە: (کێشانی ددان، پڕکردنەوەی ئاسایی ددان، نەشتەرگەری، هەوکردنی ددان و پاککردنەوە).

بە گوێرەی ئەم خزمەتگوزارییانەبێت ئەم سەنتەرەی گەرمیان لە ئاستێکی سەرەتاییدایە.

د.نزار ئەحمەد، لەمبارەیەوە ئەوەی ئاشکرا کرد هۆکاری بەرزنەکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی ددان، پزیشکانی گەرمیان خۆیانن کە خواستیان نیە ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەرەوپێش ببەن.

ئەوەشی خستەڕو لەئێستادا بە هاوبەشی لەگەڵ چەند پزیشکێکی دیکەی گەرمیان لە هەوڵی ئەوەدان کە چارەسەرکردنەکانی نەخۆشیەکانی دەم و ددان فراوان بکەن ئەوەش بە زیاتر بەرەوپێشبردنی کارەکانیان.

## 9. هاوڵاتیان چی دەڵێن لەسەر خزمەتگوزاری نەخۆشیەکانی دەم و ددان لە گەرمیان؟

لە بەدواداچونمان بۆ رای هاوڵاتیان لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی ئەم کەرتە، راکان بە سەر دو لایەن دا دابەشبون، بۆچونێک هەیە پێیوایە خزمەتگوزاریەکان باشن ، لەبەرامبەردا رایەکیش هەیە کە وایدەبینێت بۆ ئێستای گەرمیان ئەم جۆرە خزمەتگوزاریانە پێویستی بە پێداچونەوەیە.

سازان نەجم، ئەو لەماوەی پێشودا چەند جارێک سەردانی بەشی ددانی یەکێک لە مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیانی کردوە باسی لەوەکرد زۆر رازییە لەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشیکراوە.

بەهەمان شێوە یەکەی چاودێری چەندین نەخۆشی دیکەی دواند کە سەردانی بەشەکانی ددانیان کردوە لەگەڵ سەنتەری ددان، خزمەتگوزارییەکانیان لەسنورەکە بەباش زانیوە.

لەگەڵ رەزامەندبونی بەشێک لە هاوڵاتیان، بەشێکی دیکەیان پێیانوایە ئەوەی ئێستا هەیە بە گوێرەی پێویستی نەخۆشەکانی ناوچەکە نیە.

شێرزاد کەریم، وەک یەکێک لەو کەسانەی سەردانی سەنتەری ددانی کردوە، دەڵێت: "ئەوەی لێرە دەکرێت بۆ نەخۆش زۆر سەرەتاییە، ئێستا ئەم ناوچە زۆر بەرفراوان بوە ژمارەی نەخۆش و جۆری نەخۆشیەکان زۆرتربون، پێویستە ئەوەی هەیە بەرەوپێشببرێت و فراوانتر بکرێت".

## 10. "کەمی پزیشک و گرفتی بینا هۆکاری بەرەوپێش نەچونی خزمەتگوزارییەکانە"

بەرێوبەری گشتی تەندروستی لە باسی بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە گەرمیان، جەخت لەوەدەکاتەوە کەمی پزیشک و گرفتی بینا هۆکارە بۆ بەرەوپێش نەچونی خزمەتگوزاریەکانی بواری ددان.

د. سیروان محەمەد، وتی: "ئەگەر ئەو بینایەی کە تایبەتە بە نەخۆشەیەکانی دەم و ددان کارەکانی تەواوبێت، ئەوا رۆڵێکی کاریگەری دەبێت لە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییەکان".

وتیشی: "چونکە ئەو بینایە تایبەتە بە ددان و بەشێوازێکی نوێ و پێشکەوتو دروستکراوە، ژمارەیەکی زۆر ژوری تێداییە کەدەتوانین ژمارەیەکی زۆر پزیشک لەوێ دەستبەکاربکەین ئەگەر دامەزراندن بکرێتەوە، ئەوکات دەتوانین بەشێک لە سکاڵای هاوڵاتیان کەمبکەینەوە".

د.سیروان محەمەد، لەبارەی ئەوەی ئاخۆ لە ئێستادا ناتوانن خزمەتگوزارییەکان پێشبخەن؟ ئاماژەی بەوەکرد لەبەر ئەوەی بینای سەنتەری ددان بچوکە و ژمارەی پزیشکیان بەگوێرەی پێویست نیە، ناتوانرێت خواستی تەواوی هاوڵاتیان تێیدا جێبەجێبکرێت.

هێمای بەوەشکرد ئاگاداری ئەوەن کە نۆرەی نەخۆش دەگاتە چەند مانگێک لەو سەنتەرە بەهۆی زۆری ژمارەی نەخۆش، بەڵام بەڕێوبەری سەنتەرەی ددان و لێپرسراوی بەشەکانی ددان دەتوانن کاتی دەوامکردنی پزیشکەکانیان ڕێکبخەن و هەوڵبدەن ئەو خزمەتگوازرییانەی کە هاوڵاتیان داوای دەکەن پێشبخەن.

## 11. پزیشکان و ددانسازان بەشدار نین لە دیاریکردنی ئەو مەوادانەی کە دەهێنرێتە کۆگاکانی دەرمان

لەبەشی کۆگای دەرمان و کەرەستەی پزیشکی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، هیچ پزیشکێکی ددان و ددانساز و تەنانەت یاریدەدەری پزیشکی ددانی تیدا نیە، کە ئەمەش بۆخۆی نەنگیە بۆ چاودێریکردنی ئەو پێداویستیانەی کە تایبەت بە دەم و ددان و داخل بە کۆگا دەکرێت، بۆنمونە: پێداویستی ددان پڕکردنەوە، دەبێت لەلایەن پزیشکانی ددانەوە بەوردی هەڵبژێردرێت، چونکە هەیە کوالێتیەکەی بەکەڵکی بەکارهێنان نایەت و نەخۆش سودی لێنابینێت.

پزیشکێکی ددان لەمبارەیەوە دەڵێت: "گرنگ و پێویستە پزیشکی ددان یاخود ددانساز و یاریدەری پزیشکی ددان لە کۆگای گشتی بەڕێوبەرایەتی وەک کارمەندی هەمیشەیی هەبن".

د.نزار ئەحمەد، ئاماژەی بەوەشکرد لە پێشوتردا بەلیژنە دەرمان بۆ تەندروستی دەکڕا پزیشکی ددان بەشدار بوە لە هەندێک لە لیژنەکان.

پزیشکانی دیکەش جەخت لەوەدەکەنەوە ئەو پێداویستیانەی تایبەتە بە ددان کوالێتیەکەی باشە، بەڵام بۆ ئەوەی باشتربێت پێویستی بە بوجەی زیاترە و بونی پزیشک و پسپۆڕی ددانە لە کۆگای بەڕێوبەرایەتی.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی، لەسەر ئەم بابەتە ڕایگەیاند کۆگای گشتی پزیشکی ددانی ناوێت پێشتریش لیژنەی تایبەت بەخۆیان هەبو.

هۆکاری ناڕەزایی ئەو پزیشکانەی کە باس لەوەدەکەن کوالێتی باشتر هەیە بۆ ئەوەی بکڕدرێت، د.سیروان محەمەد، جەختی کردوە "ئەو پزیشکانە ڕەنگە لەبەر ئەوەی خۆیان دەرمان و مەوادی کۆمپانیایەکیان لاپەسەندترە بۆیە ئەم قسەیە دەکەن، ئەگینا کوالێتی دەرمان و مەوادەکان بەرزن زۆرباش وستانداردن".

## 12. دوای پێنج ساڵ لە دەرچونی بڕیاری کردنەوەی بەشی رو و شەویلگە کرایەوە

بەشی رو و شەویلگە لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار دوای دەرچونی بڕیاری کردنەوەی لە ساڵی ٢٠١٣ لە مانگی ئایاری ئەمساڵ کرایەوە، هۆکاری دواکەوتنی کردنەوەکەشی پەیوەندی بە رەزامەند نەبونی پزیشکانی ددان هەبوە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دوای ئەوەی کارەکانیان گوازرایەوە بۆ سەنتەری ددان لە ساڵی (2014) ەوە ئەم بەشە کاراکرا لە ناو سەنتەری ددان، بەڵام بەشێوەی فەرمی ئەمساڵ کرایەوە.

لێپرسراوی بەشەکەش کە دامەزرێنەری بەشی رو شەویلگەیە، باسی لە گرنگی کردنەوەی ئەم بەشەکرد و وتی: "لەبەر نەبونی ئەم بەشە لەکاتی شکانی رو و شەویلگە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، ئێمە بانگدەکراین بۆ چارەسەر، ئەویش یاسایی نەبو ئەگەر روداوێک رویبدایە ئەوە ئێمە تاوانبار دەبوین بە پێی یاسا، هەربۆیە کردنەوەی ئەم بەشە گرنگیەکی پێویست بو بۆ گەرمیان".

د.نزار ئەحمەد، وتیشی: "لەم بەشە کاری رێکردنەوی رومەت و رێکرنەوەی برینداری و حاڵەتی فریاکەوتن و هەندێک جۆری پڕکرنەوەی تایبەت و چارەسەرکردنی ددانی ژیریی ئەنجام دەدەین".

## 13. "پزیشکانی گەرمیان نایانەوێت ئاستی زانستیان بەرزبکەنەوە"

ساڵانە بۆ بەرزکردنەوەی توانای زانستی و بەدەستهێنانی پسپۆڕی، پێویستە بەڕێوبەرایەتیەکان لە پشکی میلاکی خۆیان پزیشکەکانیان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا (بۆردی پزیشکی) دەست نیشان بکەن، تاوەکو لە بوارە جیاجیاکانی پزیشکی پسپۆڕی وەربگرن دواتر لەسەر هەمان بەڕێوبەرایەتی درێژە بە خزمەتەکانیان بدەن.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش دەڵێت: "پزیشکانی گەرمیان بەگشتی دواکەوتون لە روی خوێندن، لە نێو پزیشکانی ددان چەند پزیشکێکمان هەیە پسپۆڕی خوێندبێت و بڕوانامەکەی بەرزکردبێتەوە بەشی زۆریان هەر خەریکی کاری نۆرینگە و کلینیکەکانی خۆیانن، کەمترین پسپۆڕی شارەزامان لەناو پزیشکانی ددان هەیە لەبەر ئەوەی خۆیان بەلای خوێندندا نەچون".

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری ژمارەیەکی زۆر کەم پزیشک لەگەرمیان هەڵگری بڕوانامەی باڵای پزیشکین لە پسپۆڕی نەخۆشیەکانی دەم و ددان، پزیشکانیش بونی پشکی کورسی خوێندن بە گرنگ دەزانن بۆ بەرزکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان و نەچونی هەندێک نەخۆش بۆ شارەکانی دیکە.

لەسەر ئەم پرسە د.نزار ئەحمەد، بەگرنگیەوە باسی لەو پسپۆڕیانەکرد کە پێویستیەکی زەرورین بۆ گەرمیان، وتی: "گرنگە تەندروستی گەرمیان پشکی هەبێت بۆ خوێندنی پزیشکان وەرگرتنی بۆردی پزیشکی".

وتیشی: "ئەوکات پزیشکان دەتوانن پسپۆڕی وەربگرن لە بوارە جیاجیاکان دواتر دەتوانرێت چارەسەری زۆربەی نەخۆشەیەکانی دەم وددان لە گەرمیان بکرێت".

کەمی پزیشکی پسپۆڕ لە گەرمیان لە کاتێکدایە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان بۆ ئەمساڵی خوێندن دوای ٢١٢ کورسی خوێندنی کردوە بۆ تەواوی بەشە جیاجیاکانی بەڕێوبەرایەتیەکەیان، لەو ژمارەیە (٥١) پەنجاو یەک کورسی بۆ خوێندنی ماستەری پزیشکیە لەگەڵ (٤٨) کورسی خوێندن بۆ دکتۆرا (بۆرد)ی پزیشکیە.

لەو ژمارە کورسیە (٢٣) کورسی تایبەت کراوە بۆ پزیشکانی ددان بۆ خوێندنی ماستەر و (١٨) کورسی بۆ خوێندنی دکتۆرا (بۆرد)ی پزیشکی.

لەبارەی ئەوەی چەند پزیشکی ددان داوای دەرفەتی خوێندنی کردوە لەو ژمارە کورسیانەی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان داوای کردوە، د.سیروان محەمەد، وتی: "لەو ژمارە کورسیەیەی کە ئێمە دوامانکردوە و دابینکراوە بۆ گەرمیان، هیچ پزیشکێکی ددان داوای پێشکەش نەکردوە!".

## تەوەری دوەم: کێشەو گرفتەکانی نۆرینگەو تاقیگەکانی ددان لە گەرمیان

### 14. پزیشکی ددان و پزیشکی ددانساز و یاریدەدەری پزیشکی ددان کارەکانیان تێکەڵ بوە

یەکێک لەو کێشە دیارانەی کە بوەتە جێگەی مشتومڕی زۆرو تێکەڵکردنی کاری پزیشکانی پسپۆڕ و یاریدەدەری پزیشکە لەگەڵ یەک، بەشێوەیەک یاریدەدەرانی پزیشکانی دانساز کە لە ناو خەڵکدا هەر بە "دانساز" ناودەبرێن، لە هەمان کاتدا کاری پزیشکی پسپۆڕی ددان دەکەن، ئەمەش کێشەیە لە تەوای کوردستان بونی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی زەقتر لە گەرمیان دەبینرێت.

لە بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێیی گەرمیان، پزیشکان باسیان لەوەکرد کە پێیانوانیە بە ئاسانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەهۆی نەبونی چاودێری پێویست و نەبونی سەندیکای پزیشکانی ددان لە گەرمیان، هەروەها بەشداری نەکردنی هیچ نوێنەرێکی سەندیکا لە لیژنەکانی قائیمقامیەت.

د.سەروەت عزەدین، پزیشکی پسپۆڕی ددان، هۆکاری تێکەڵبونی کارەکانی پزیشک و کارمەندی تەندروستی لە گەرمیان، بەمشێوەیە خستەڕو: "لێرە سەندیکای پزیشکانی ددان نیە، نوێنەری سەندیکا لە لیژنەکانی قائیمقامیەت بونی نیە، بەمهۆیەشەوە چاودێری هیچ شوێنێکی ددان وەکپێویست ناکرێت، هەربۆیە کارمەندی تەندروستی هەیە وەک پزیشکی پسپۆڕی ددان ئێستا لەناو کەلاردا نۆرینگەی هەیە و نەخۆش دەبینێت".

ئەمە تەنها لە سنوری کەلار نیە، بەڵکو لە قەزای کفری بەهەمان شێوەیە، بە پێی زانیاریەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، لەو قەزایە یاریدەدەری پزیشک و ددانساز نۆرینگەیان هەیە و کاری پزیشکی ددان دەکەن.

د.گۆران شێرزاد، پزیشکی ددانسازە و لە قەزای کفری نۆرینگەی هەیە، بۆ یەکەی چاودێری ئەوەی ئاشکراکرد لە قەزای کفری هیچ نۆرینگەیەکی پزیشکی ددان نیە، ئەوەی هەیە تەنها نۆرینگەی چەند ددانساز و یاریدەدەرێکی پزیشکی ددانە.

لەبەرامبەر ئەمەدا یاریدەدەرێکی پزیشکی ددانساز، پێیوایە لە پێشوتردا لەناوەندە حکومیەکانی گەرمیان ئەمان هەمو کارێکی پزیشکی پسپۆڕیان کردوە بۆییە ئاساییە ئێستا لە نۆرینگەی خۆیان هەمان کاربکەن.

سۆیبە عەبدولکەریم، وتی: "٢٨ ساڵە ئەزمونم هەیە و لە نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستیە حکومیەکان هەمان کارمانکردوە کە ئێستا لێرە بۆ نەخۆشی دەکەین، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە شارەزای کارەکەین".

پزیشکێکی پسپۆڕی ددان ئەمە بە بیانو دەزانێت و دەڵێت: "بەهیچ شێوەیەک نابێت بەدەر لە هەڵگرانی بەکالۆریۆس لە نەخۆشیەکانی دەم و ددان، مۆڵەتی نۆرینگەو بینینی نەخۆش بە کەسی دیکە بدرێت".

د.زاگرۆس عادل، ئاماژەی بەوەشکرد: "یاریدەدەری ددانساز تەنها دەبێت لە تاقیگەی ددان کاربکات هەروەها یاریدەدەری پزیشکی ددان لەگەڵ پزیشکی ددان دەبێت کاربکات".

## 15. کاری ددانسازەکان لەگەرمیان پەکخراوە

بە پێی رێنمایی و یاساکانی تایبەت بە سەندیکاکانی پزیشکانی ددان و کارمەندانی تەندروستی، کارەکانی پزیشکی ددانساز دیاریکراوە کە دەبێت لە تاقیگەکانی تایبەت بەدروستکردنی ددانی دەستکرد و کەڤەری ددان کۆمەڵێک کاری دیکەی تاقیگەیی ددان کاربکەن، بەڵام ئەمە لە کوردستان بەگشتی پەیڕەونەکراوە، لە گەرمیانیش بەهەمان شێوەیە،

بەڵام پزیشکانی گەرمیان جەخت لەوەدەکەنەوە لە گەرمیان زۆر خراپترە، چونکە یاریدەدەرانی ددانساز کاری خۆیان ناکەن.

ددانسازێکیش هۆکاری ئەوەی کە ئەوان کاری پزیشکی پسپۆڕدەکەن، دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی پزیشکانی ددان.

قادر حسیب، یاریدەدەری پزیشکی ددانساز "دانساز" وتی: "پزیشکانی پسپۆڕی ددان کارەکانیان بۆ ئێمە نانێرن، دەشڵێن ئێوە کاری ددانسازی مەکەن، ئەمە هاوکێشەیەکی نەزانراوە".

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان پزیشکانی پسپۆڕی ددان بۆ دروستکردنی ددانی دەستکرد و کەڤەری ددان لە رێگەی مەندوبەوە داواکاریەکانیان دەنێرن بۆ سلێمانی و هەولێر نایانەوێت کارەکانیان ددانسازی گەرمیان بیکات.

پزیشکێکی پسپۆڕی ددان هۆکاری ئەمە وابەستە دەکات بەوەی کە ئەوان کاری پزیشکانی ئێرەیان لاپەسەند نیە.

د.سەروەت عزەدین، وتیشی: "تاقیگەکانی ئێرە و شارەکانی سلێمانی و هەولێر جیاوازە لەوێ، لە سەنتەرێکدا چەندین پزیشکی ددان و پسپۆڕی ددانسازی لێیە بە ئامێری پێشکەوتو و کوالێتی بەرز ددانەکان یاخود کەڤەرەکان دروست دەکەن، بۆیە ناکرێت ئەوە هەبێت ئێمە ددان بنێرین بۆ شوێنێک لێرە کە بە ئامێری کۆن و بەدەست ددانەکان دروست بکات".

بەڕێوبەری کۆمەڵگەی پزیشکی بەخشین، بەهەمان شێوە ئاماژە بەوەدەکات کە کارەکانیان دەنێرن بۆ سلێمانی و هەولێر.

ددانسازێک ئەمە بەلاواز سەیرکردنی ددانسازی ناوچەکە دەدات لەقەڵەم و دەڵێت: "زۆربەی پزیشکەکان پێیان وایە بەس ئەوان زانیارییان پێیە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەی بیرکردنەوەیە، کەوایە بۆ چی ئەم بەشانە لەکوردستان و عێراق دەخوێندرێت ئەگەر لە وڵاتانی دیکەوە خەڵک بهێنن ئەم کارانەبکەن".

قادر حەسیب، وتیشی: "من کاری ددانسازیم بۆ نەنێرن و کاری پزیشکی ددانیشمان لێ قەدەغە بکەن، کەواتە ئێمە بچین چیبکەین؟".

پزیشکانی گەرمیانیش هێما بۆ ئەوەدەکەن ئەگەر ددانسازان لە گەرمیان تاقیگەی پێشکەوتویان هەبێت ئەمانیش کارەکانیان نانێرنە شارەکانی سلێمانی و هەولێر.

وەک (د.کاروان ئەحمەد)، پزیشکی دەم و ددان، ئاماژەی بۆکرد: "ددانسازانی ئێرە، کارەکانیان بەشێوازی کۆن دەکەن بەم هۆکارە ئێمە ناتوانین پشتیان پێببەستین".

باسی لەوەشکرد ئەگەر لێرە تاقیگەی پێشکەوتو بکەنەوە و بە شێوازی پێشکەوتو ددان دروستبکەن و مەوادی کوالێتی بەرز بەکاربهێنن، ئەوا ئەمانیش وەک پزیشک کارەکانیان بۆ ئەوان دەنێرن.

## 16. نەخۆش باجی تێکەڵکردنی کاری پزیشکی ددان و ددانسازەکان دەدات

هەر نارێکیەک لە سیستەمەکانی خزمەتگوزاری تایبەت بە تەندورستی هەبێت نەخۆش باجەکەی دەدات، بۆ ئەوەی دڵنیاببینەوە لەوەی ئەم تێکەڵکردنی کارە دەرئەنجامی چی بوە؟ رای هاوڵاتیان و پزیشکانمان وەرگرتوە، کۆی ئەو دەرئەنجامە دەریدەخات کە پێویستیەکی هەنوکەییە هەیکەلی کاری پزیشک و کارمەندی تەندروستی لەبواری ددان رێکبخرێتەوە.

لەکاتی دواندنی ئەو نەخۆشانەی سەردانی ددانسازیان کردوە، بەشێکیان باسیان لەوەکردو ئەوان نەیانزانیوە پزیشکی پسپۆڕنین.

پزیشکێک ئەوە ئاشکرادەکات داتایان کۆنەکردوەتەوە، ئەگینا بەشی زۆری ئەو نەخۆشانەی کە دێنە سەردانیان نەخۆشی ددانسازەکان و یاریدەدەرانی پزیشکن، ئەو کارانەی بۆیان کردون باری نەخۆشیەکەیانی خراپترکردوە لەوەی کە هەبوە.

د.کاروان ئەحمەد، لەمبارەیەوە وتی: "رۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش کە سەردانمان دەکات سەردانی ددانساز و یاریدەدەری پزیشکیان کردوە کە پزیشک نین و کاری پزیشکی ددان دەکەن، چارەسەرەکانیان بۆ نەخۆشەکان سەرکەوتو نەبوە، بۆیە نەخۆشەکان دێنە لای ئێمە".

د.زاگرۆس عادل، بەهەمان شێوە هێمای بەوەکرد "لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە پسپۆڕ نین و کاری ئەوان نیە نەخۆش هەیە دێتەوە لای ئێمە، نەخۆشی واهەیە چەند رۆژێکە ددانی پرکردوەتەوە کەچی ئازار و رۆشتنی مەوادەکە ناچاریکردوە سەردانی ئێمە بکاتەوە".
لەبەرامبەردا یاریدەری پزیشک و ددانسازان ئاماژە بەوەدەکەن نەخۆشی پزیشکی ددانیش سەردانی ئەوانی کردوە، ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها کارەکانی ئەمان گرفتی بۆ نەخۆش دروستکردبێت

قادر حسیب، هێمای بەوەکرد، پزیشکێک کە ئاماژەی بە ناوەکەی نەدا، تاقمی ددانی بۆ نەخۆش کردوە تەنها یەک رۆژ بەکەڵک هاتوە، ناچار سەردانی ئەوی کردوە. وتیشی: "کارکردن لەم بوارە بە ناونیشانی زەخم نیە، بەڵکو بەدەرئەنجامی کارە".

## 17. هەر نۆرینگەیەکی ددان نرخێکی جیاوازی هەیە بۆ چارەسەری نەخۆش

بونی نرخی جیاواز لە نۆرینگەکانی ددان جێگەی پرسیارە و هەندێکجار نەخۆش گومان دەکات کە ئایا نرخەکان دەرخەری کوالێتی و جۆری کارەکانی پزیشکەکەیە، یاخود دیاریکردنی نرخەکان پەیوەندی بە خواستی پزیشک خۆیەوە هەیە.

پزیشکێک جەخت لەوەدەکاتەوە کە نرخی نۆرینگەی ددان لە هەمو شوێنێک وەک ئێرە جیاوازە.

د.سەروەت عزەدین، دەڵێت: "نرخ لە نۆرینگەی پزیشکی ددان لە هەمو شوێنێک بەم شێوەیەیە و جیاوازە".

پزیشێکی دیکە دڵنیایی دەدات کە هۆکاری جیاوازی نرخەکان کەوتۆتە سەر باشی کاری پزیشک و بەرزی کوالێتی کارەکەی.

د. زاگرۆس عادل، ئەوەشی خستەڕو: "پزیشکی ددان هەیە کارەکەی زۆر بەخێرایی بێ هیچ وردیەک ئەنجام دەدات، ئەمە دەچێت نرخی کەمتر وەردەگرێت یاخود ئەو مەوادانەی بەکاری دێنێت کوالیتی بەرز نیە و هەرزو خراپ دەبێت و نەخۆش باجەکەی دەدات".

وتیشی: "پزیشکێک مەوادی کوالێتی بەرز بەکاربێنێت کاتی زۆربدات بە نەخۆشەکە و بەوردی کارەکەی بکات و کەرەستەکانی تەعقیم بکات و دوربێت لە ڤایرۆس، بێگومان نرخی گرانتر دەبێت، یان جۆری پێویستی ددانەکەش دەور دەبینێت بۆنمونە: هەمو ددانێک وەک یەک پێویستی بە شۆردن و پڕکردنەوە نیە".

د.کاروان محەمەد، هەمان رای هەیە و پێیوایە هۆکاری جیاوازی نرخەکان کوالێتی مەوادی بەکارهاتوە لەگەڵ ماوەی کاتی چارەسەر بۆ نەخۆشەکە.

لەگەل ئەوەی ئەم پزیشکانە هەڵسەنگاندنیان بۆ دیاریکردنی نرخەکان بەم شێوەیە بو، بەڵام ددانساز پێیوایە نرخ دەرخەری باشی کار نیە.

قادر حسیب، لەمبارەی جیاوازی نرخەکانەوە وتی: "مەرج نیە نرخی بەرز دەرخەری باشی کاربێت، لێرە کەوتۆتە سەر ویژدانی کەسەکان چۆن نرخ دادەنێن".

نرخەکانی بەشی ددان لە کۆمەڵگەی پزیشکی بەخشین بەشێوەیەکی دیکەیە.

ئەرکان ئەحمەد، بەڕێوبەری کۆمەڵگەکە ئەوەدەخاتەڕو ئەوان لەبەر ئەوەی پرۆژەکەیان قازانج نەویستە نرخەکانیان کەمتر دانەوە: "ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە لەسەر بنەمای خێرخوازی دانراوە، هەربۆیە نرخەکانمان کەمە، بەڵام مەوادی کوالێتی باش بەکاردێنن، ئەگینا نرخی کەمی ئێمە مانای ئەوەنیە کارەکانمان بەگوێرەی پێویست نیە".

یەکەی چاودێری لەماوەی سەردانی مەیدانی بۆ چەندین نۆرینگە گەشت بەو ئەنجامەی نرخەکان بەم شێوەیە جیاوازن:

- لە بەشێکی نۆرینگەکان نرخی جێگریان داناوە بۆ کێشەکانی ددان، بۆنمونە: ددان پڕکردنە لە نۆرینگەیەک بە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عێراقی دیاریکراوە، ئەگەر دەماری ددانەکەش ببڕێت (١١٠٠٠٠) سەدو دەهەزار دیناری عێراقی دیاریکردوە، کەچی دەبینین نۆرینگەیەکی دیکە پڕکردنەوەی بە (٣٠٠٠٠) سی هەزار دیناری عێراقی دیاری کردوە.
- ئەگەر کەسێک ددانی بکێشێت دوبارە نرخەکان بۆ ئەویش جیاوازە، بەم شێوەیە: (پێنج هەزار، دەهەزار، پازدە هەزار و بیست هەزار).

## 18. هاوڵاتیان: نازانین بۆچی نرخ لە نۆرینگەکان هێندە جیاوازە؟

نرخی جیاواز و دانانی بە خواستی پزیشکانی ددان، کارێکی وایکردوە هاوڵاتیان وەک خۆیان دەڵێن: نازانیان شار ئیدارەی هەیە یاخود نا.

شاڵاو قادر، سەردانیکەری یەکێک لە پزیشکەکانی کەلارە، بەمشێوەیە باسی لە گرفتەکانی خۆیان کرد: "لێرە پزیشک بەتەنها هۆکار نیە بۆ کێشەی نەخۆش. بەڵکو لیژنەکانی قایمقامیەتیش وەکپێویست لێپرسینەوە ناکەن، ئەگەرچی ئێستا باشترە کارەکانیان هەندێک بەرەوپێشچون لە چاودێریەکانیان بە دیدەکەین".

وتیشی: "هەمیشە کە دێمە نۆرینگەی ددان ترسم هەیە لەوەی ئەو کەرەستانەی بەکاری دێنن ئاخۆ تەندروستە یاخود نا".

نەخۆشەکانی ددان یەکێک لە کێشە دیارەکانیان، خراپی جۆری چارەسەرەکانە کە بۆیان دەکرێت.

گلێنە عەلی، باسی لەو کێشەیەکرد کە ڕوبەڕوی بوەتە لە کاتی چارەسەری ددانی و وتی: "ڕۆشتمە لای پزیشکێک من نازانم ئەو مەوادەی بەکاریدێنن چۆنە، خۆ من پسپۆڕ نیم بەو مەوادەی ددانی پڕکردمەوە نەوەد هەزاری تێچو، بەڵام هێندە خراپ بو ناچاریکردم بچمە لای پزیشکێکی دیکە، لەوێش سەدوبیست هەزاری دیکەم دا بە پزیشک، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کەس لەو جۆرە پزیشکانە ناپرسێتەوە".

ئەمە تەنها کێشەی چەند نەخۆشێک نیە زۆرینەی نەخۆشەکان ئەم ڕاستیە دەخەنەڕو.

نەسرین حەسەن، نەخۆشیکی دیکەی ددانە، بەم شێوەیە باسی لە گرفتەکانی نۆرینگەکانی ددانی کرد: "سەردانی پزیشکێکم کرد ئەگەرچی دواتر زانیم پزیشکیش نەبوە، ددانی بۆ دروستکردم، بەڵام چ ددانێک هەرز و ددانەکەم خراپ بو ناچاریکردم سەردانی پزیشکی دیکە بکەم".

گرفتی نەخۆش تەنها لە پزیشکی ددانساز و یاریدەدەری پزیشکان نیە کە کارەکانیان بە باشی بۆناکەن، چونکە هەندێک لە نەخۆشەکان باس لەوەدەکەن کاری باشیان لەوانیش بینیوە.

لەسەر جیاوازی نرخەکانیش کاروان سەعید، وەک نەخۆشێکی ددان دەڵێت: "نازانین بۆچی نۆرینگەکان نرخیان جیاوازە، وەک وایە شار ئیدارەی نەبێت خەڵک سەرگەردان بوە".

## 19. پێوەرەکانی دیاریکردنی نرخی نەخۆشیەکانی ددان

بۆ ئەوەی بزانین نرخەکانی چ لایەنێک دیاری دەکات و هەروەها ئەو پێوەرانەی بەکاری دەهێنن بۆ دیاریکردنی نرخەکان چین؟ رای ئیدارەی قەزاکان و بەڕێوبەرایەتی تەندروستیمان وەرگرت دەربارەی ئەوەی ئاخۆ لیژنە هەمیشییەکان لە قائیمقامیەتی قەزاکانی گەرمیان پەیوەندیان هەیە بەدیاریکردنی نرخەوە؟ سەرۆکی لیژنە هەمیشەیەکانی قائیمقامیەتی کەلار جەختی لەوەکردەوە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی قائیمقامیەت جێبەجێکردنە ناتوانێت سەربەخۆ نرخ دیاری بکات.

سیروان حەسەن، وتیشی بۆ نرخی دیاریکراو دەبێت تەندروستی گەرمیان یاخود سەندیکاکان نوسراویان بۆ بکەن ئەوکات وەک ئیدارەی قەزاکان دەتوانن لێپێچینەوە لەسەر نرخ بکەن، بەمپێیەش لە سنوری گەرمیان هیچ لێپێچینەوەیەک بۆ جیاوازی نرخ ناکرێت.

دەربارەی ئەوەی لە کاتی سەردانی لیژنەکانی قائیمقامیەت بۆ نۆرینگەکان لێپرسینەوە لەو هەمو جیاوازی نرخە ناکەن یاخود تێبینیان نیە لەسەری، سیروان حەسەن، ئەوەی خستەڕو کە ئەوە تێبینیە لایان، بەڵام پزیشکان بەوە وەڵامیان داونەتەوە کە بڕوانامە و جۆری ئامێر و کوالێتی مەواد و ئەو کاتەی بە نەخۆشی دەدەن هۆکاری جیاوازی نرخەکانیانە.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش ئاماژە بەوەدەکات: جیاوازی نرخ و ئەو پێوەرانەی کە نرخەکانی لەسەر دانراوە سەندیکای پزیشکانی ددان لێی بەرپرسە.

## 20. ئامار و جۆری سزاکانی لیژنەکانی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، لەماوەی چەند مانگی رابردودا هەڵمەتێک دەستی پێکردوە لە لایەن دیوانی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان بەهاوکاری لیژنەکانی قائیمقامیەت، سەرجەم ئەو نۆرینگانەیان داخستوە بە هۆکاری ئەوەی کەسانی ددانساز یاخود یاریدەدەری پزیشکی ددان، کاری پزیشک دەکەن لەبری کاری تاقیگەیی خۆیان.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان هێمای بەوەشکرد هەردو سەندیکای پزیشکان و کارمەندان رێکەوتون کە چی دیکە ددانساز و یاریدەدەرانی پزیشکی ددانساز و تاقیگە، کاری پزیشکی ددان نەکەن.

## 21. نەبونی سەندیکای پزیشکان و کاریگەریەکانی

لەگەرمیان سەندیکای پزیشکانی ددان نیە و لقی سەندیکای پزیشکانی ددانی سلێمانیش لێرە نیە، ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی هەیە لەسەر بەدواداچون بۆ کاری نۆرینگەکان و نەبونی نوێنەری سەندیکا لە لیژنەکانی قائیمقامیەت.

پزیشکێکی ددانیش ئەوە ئاشکرا دەکات لە ماوەی ١٤ ساڵی کارکردنی وەک پزیشک لە کەلار تاوەکو ئێستا نوێنەری سەندیکای پزیشکان سەردانی نەکردون و لە کارەکانیانی نەپرسیوەتەوە.

د.سەروەت عزەدین، پزیشکی ددان جەختیشی کردوە نەبونی چاودێری و لێپرسینەوە وایکردوە "فەوزایەک" لە کاری نۆرینگەی پزیشکانی ددان دروستبێت.

## 22. بەرپرسی هۆبەی ددانی تەندروستی گەرمیان خۆی لە قسەکردن دەدزێتەوە

لە تەندروستی گەرمیان هۆبەیەک هەیە بەناوی "هۆبەی ددان" کە پزیشکێکی ددان بەناوی (د.نەوال مەحمود) بەڕێوەی دەبات.

بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەو کێشانەی باسکران لە کەرتی پزیشکیی ددان دا لە تەندروستی گەرمیان و هەروەها وەڵامی هۆکاری ئەو "پشێویی و نارێکیەی" وەک باسکرا لەم کەرتەدا هەیە، یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، ٢ جار لە دو رۆژی جیادا سەردانی دیوانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان و خودی هۆبەکەی کرد، بەڵام

ژورەکە داخرابو و لێپرسراوی هۆبەکەش لە دەوام نەبو، ئەمە سەرباری چەندینجار پەیوەندییپێوەکردنی تەلەفۆنی، بەڵام لێپرسراوەکە خۆی لە قسەکردن و دیدار دەدزیەوە.

خۆ دزینەوەی **لێپرسراوی هۆبەی ددانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان،** لە کاتێکدایە زۆرترین پرسیار روبەڕوی ئەم هۆبەیە بوەتەوە چ لەلایەن بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی بەوەی تاوەکو ئێستا پزیشکی ددانیان نیە و بە تەنسیبیش پزیشکیان بۆ نانێرن، چ ئەوەی لە زۆربەی بەشەکانی ددان یاریدەدەری پزیشک و ددانساز کاری پزیشکی ددان دەکەن، ئەمەش بە هۆکار دادەنرێت بۆ ئەوەی ئەم کارمەندانە دواجار مافی ئەوە بەخۆیان بدەن لە نۆرینگە ئەهلیەکانیان وەک پزیشکی ددان کار بۆ نەخۆش بکەن.

وەڵام نەدانەوەی ئەم بەرپرس هۆبەیە، گومان لەکارەکانیان دروست دەکات، بەتایبەتی کە پاش چەندینجار سەردان و پەیوەندی، ناوبراو خۆی لە پێدانی رونکردنەوە و قسەکردن لە بارەی تێبینیەکانەوە دزییەوە.

## بەشی سێیەم: راسپاردە

### یەکەم: بواری حکومیی

1. هەست بە بونی نارێکیەک لە دابەشکردنی میلاکی پزیشکانی ددان دەکرێت، ئەمەش وایکردوە کە جۆرێک لە پشێویی دروست ببێت و شوێنێک پزیشکی پێویست و بگرە زیادیشی هەبێت و شوێنێکی تر پزیشکی نەبێت، ئەمەش پێویست بە پێداچونەوە و رێکخستنەوە دەکات.

2. لە گەرمیان دا بینایەکی تایبەت دروستکراوە بۆ سەنتەری ددان، بونی ئەم بینایە و کۆکردنەوەی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی پزیشکیی ددان تیایدا، ئاسانکارییەکی زۆر باش دەبێت بۆ هاولاتیان، بەلام کێشەکە ئەوەیە بیناکە تەواو نەکراوە و نەکراوەتەوە، بۆیە دەبێت هەولەکان چڕ و زیاتر بکرێنەوە لەم بوارەدا، بۆ ئەوەی ئەو بینا نوێیە کاری تێدا دەستپێبکرێت و بەمەش زۆر کێشەی کەمی و خراپی شوێنەکان چارەسەر دەبن.

3. وەک بوارەکانی دیکە، گەرمیان کێشەی لە کەمی پزیشکی ددانیش دا هەیە، ئەو بەشەی سالانە و لەکاتی دابەشکردنی پزیشکانی ددان دەدرێت بە گەرمیان، لە ئاستی پێویستدا نییە، ئەمەش وادەکات بەتایبەت لە ناوچە دوردەستەکان لەکەلار، کێشەیەکی زۆر دروست بکات.

4. کەمترین بڕوانامەی بالا لەنێو پزیشکانی ددانی گەرمیان دا هەیە، ئەمەش نەنگیەکی بەرچاوە، پێویستە تەندروستی گەرمیان ئالیەتی پێویست بدۆزێتەوە بۆ هاندانی پزیشکانی ددان بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی بالا، بەمەبەستی فەراهەمکردنی پسپۆڕیی ورد لە بوارە جیاوازەکانی پزیشکی ددان.

5. تێکەڵیەک هەیە لەکاری سەنتەر و هۆبەکانی ددان لە مەڵبەندە تەندروستیەکان، پێویستە ئەو بوارە رێکبخرێتەوە، بەشێوەیەک خزمەتگوزاریەکان دیاریی بکرێن و جیا بکرێنەوە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی کاری ئەو سەنتەر و هۆبانە رێکتر ببنەوە و خەڵکیش باشتر سودیان لێببینێت.

6. واباشە لە کۆگای دەرمانی تەندروستی گەرمیان دا، پزیشک یان یاردەدەری پزیشکیی هەبێت، یان ئەگەرنا ئەوا پزیشکانی ددان و یاریدەدەرانیان بکرێنە ئەندام لە لیژنەکانی کڕینی دەرمان و پێداویستی ددان، بۆ ئەوەی دەرمان و کەرەستەی باشتری پەیوەست بە ددانەوە بکڕن، بەوپێیەی شارەزاترن لە بوارەکەدا.

7. لەروی ئامێر و کەرەستەی پزیشکییەوە، ناوچەکە زۆر پێویستی بە کڕینی ئامێری نوێ و پێشکەوتو هەیە، بەرادەیەک لەمبوارەدا کەمتەرخەمی کراوە کە پزیشک هەبوە بە پارەی خۆی کەرەستەی بۆ بەشەکەی کڕیوە. بۆیە پێویستە لەدانانی بودجەی سالانەدا گرنگیەکی ئەوتۆ بەم بوارە بدرێت.

8. سەنتەری ددان کە گەورەترین ناوەندی پزیشکی ددانە لەگەرمیان، زۆر کێشە و کەموکورتیی هەیە، لە نەبونی جێگەی پێویست و کەرەستە و هەروەها میلاکیشەوە، پێویستە تەندروستی گەرمیان جیدیی تر لەبارەی ئەم سەنتەرەوە بێتە پێشەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدات.

9. خۆدزینەوەی بەرپرسی هۆبەی ددان لە دیوانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لە قسەکردن بۆ یەکەکەمان، جگە لەوەی دژە بە مادەکانی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لە هەرێمی کوردستان، هاوکات گومانی زۆریش لەسەر چیەتی ئەم هۆبەیە و بەرپرسەکەی دروست دەکات، بەتایبەتی کە زۆر ڕەخنە و کەموکورتی ڕاستەوخۆ ڕوبەڕوی ئەم هۆبەیە دەبێتەوە. پێشنیاز بۆ تەندروستی گەرمیان دەکەین، لەمبارەیەوە بەدواداچونی زیاتر بکات و ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر.

**دوەم: بواری ئەهلی**

1. ڕەنگە وشەی "فەوزا" گوازرشتێکی پڕ بەپێست بێت بۆ ئەو دۆخەی پزیشکیی ددان هەیەتی لە کەرتی تایبەت دا، چونکە هیچ بنەما و ئالیەت و ڕێوشوێنێک نیە ئەم بوارە کۆنترۆڵ بکات. کارەساتی گەورەش ئەوەیە کەس خۆی بە خاوەنی ئەم بوارە نازانێت و هەموی خۆی لە بەرپرسارێتی دەدزێتەوە.

2. ئەگەر چاودێریی و ڕاییکردنی پزیشکی گشتی لە کەرتی تایبەتدا سپێردرابێت بە سەندیکای پزیشکان، ئەوا لە گەرمیاندا نە سەندیکا هەیە، نە نوێنەریان بونی هەیە، نە هیچ ڕۆڵێکیان هەیە.

3. حکومەت چ تەندروستی گەرمیان و چ ئیدارەی گەرمیان و چ قایمقامیەتەکان، خۆیان لە ڕێکخستنی ئەم بوارە بواردوە، بەشێوەیەک ئەو بەدواداچونەی بۆ بوارەکانی تری دەکەن، بۆ ئەم بوارەی ناکەن، پێویستە ئەو لایەنانە پێکەوە هەوڵی دۆزینەوەی ئالیەتێکی گونجاو بدەن.

4. تائێستا بەتەواوی کێشەی ئەو کەسانەی پزیشک نین و کاری دانسازیی دەکەن، کۆتایی پێنەهاتوە، لەماوەی رابردودا هەندێک ڕێکار گیرانەبەر، کە تاڕادەیەک سەرکەوتو بون، بەڵام پێویستە ڕێکارەکان درێژەیان پێبدرێت و بوارەکە زیاتر ڕێکبکرێتەوە.

5. هیچ پێوەرێک نییە بۆ دانانی نرخی کیلنکەکانی پزیشکی ددان و خزمەتگوزاریەکانیان، هەر پزیشکە و بە خواستی خۆی نرخ دیاریی دەکات، هاوڵاتیانیش لەم ڕووەوە نیگەرانن. پێویستە ئالیەت و ڕێوشوێنێک هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم بوارە.

6. پێویستە وەکچۆن لیژنەکان عیادە و دەرمانخانەکان بەسەر دەکەنەوە، ئاوەهاش عیادەی پزیشکانی ددانیش بەسەر بکەنەوە.

7. کە هاوڵاتی سکاڵا و نیگەرانی و رەخنەیەکی دەبێت لەبارەی عیادەکانی پزیشکی ددان و خزمەتگوزاریەکانیان، نازانن روبکەنە کوێ؟ بۆ ئەمەش زۆرجار بێدەنگی هەڵدەبژێرن و لەم نێوەندەشدا مافی هاوڵاتیان دەفەوتێت.

پێنشیاز دەکەین کە لە لیژنەکانی بەدواداچونی عیادە و دەرمانخانەکان بەگشتی، کەسانێک دەستنیشان بکەن بۆ بەدواداچونی سکاڵای هاوڵاتیان و ژمارە تەلەفۆنێک تەرخان بکرێت بۆ وەرگرتنی سکاڵا، ئەو ژمارە تەلەفۆنەش لەهەمو عیادە و دەرمانخانە و ناوەندێکی تەندروستی ئەهلی دا هەڵبواسرێت و هاوڵاتی لەکاتی بونی تێبینی و رەخنە و سکاڵادا، پەیوەندی پێوە بکات.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس سالّح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**
07702303676 -07480207400
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org